# کڵێساو مزگەوت

تەها ئەمین هەڵەدنی

ئاشکرایە کە کڵێسا لە پاش لە خاچدانی عیساوە٠٠٠٠٠٠٠٠ سەری هەڵدا، مزگەوتیش پاش بارخستنی ئیسلام ٦١٠ ز لە دووورگەی عەرەبدا.

هەردووکیان جێگەو بارەگای لایەنە دەروونیەکەی دوو بیرەکەن، واتە:لە کڵێساو مزگەوت. کە لەوێدا بەرامبەر بە خوای ئەنێشەی خۆیان دەوەستن، یان ڕاستەو خۆ لەگەڵ نادیارێ دەچنە ژووری ژوانەوە، تا ئێستاش زۆر لە کڵێساکانی سویدی تەژین لە گۆڕی دەرەبەگەکانی سویدی کۆن ، کە باوەڕیان وابوە گەر گۆڕەکانیان لە کڵێسادا بێ زووتر دەستیان دەگا بەخوا، هامان شێوە مزگەوتەکانیش. کە لەوێوە نامەیە پێشکەش بە خوا دەکەن ، هەموو تەمەنیش چاوەڕوانی خوان کە داخوازیەکەیان بۆ ئیزا بکا!

ڕێدەکەوێ پاڕاوەکەرەکە بەرێکەوت دەرگایەکی بەهەشتانەی لە ژیاندا لێکرابێتەوە، ئیتر وا باوەڕدەکا کە خوا داخوازیەکەی بۆ ئیمزا کردوە!

خۆ ئەگەر داواکەشی بە ئەنجام نەگەشت، خۆی بە غەزەب لێگیراوان دەژمێردرێوو ئەڵێ :خوا لە سوڵتان مەحمود گەورەترە.

عیسا لە فەلەستینی ئەمڕۆ لەدایک بوو ، محەمەیش لە سعودیەی ئەمڕۆ.

ئەو جێگەی عیسای لێ لەدایک بوو کرا بە کڵێسا، کریستیانەکان لە فەلەستینەوە بە گاگۆڵکی گەشتە تەوای ئاسیاو ئەورووپاو پاشانیش سەرجەم جیهان.

خودی عیسا لە خاچ درا فریای نەکەوت دەسەلاَت بگرێتە دەست. کریستانەکان کەسیان نەکووشت. چونکە وەک هەموو مل هۆڕەکان لەسەرەتاوە دەبێ خەڵکی لەخۆیان کۆ بکەنەوە پاشان لە ملی خەڵکی بدەن، عیسا دەیووت (ئەگەر کەسێ زللەیەکی لە ڕاستت دا تۆ چەپتی تێکە بە زللەی دوەمت لێدا) !

بەلاَم خوودی کڵێسا کە دەسەلاَتی گەشتە دەست تەنها لە ئەوریا ٦ ملێۆن مرۆڤیان سووتان *، قەشەکان بوون بە نوێنەری ڕاستەقینەی خوا، بکوژوو ببڕ خۆیان بون. تا ئەو ڕادەی کەوتنە خانوو فرۆشتنی بەهەشتیش!

سویدیەکان لە سەرەتای چەرخی ڕابردووەوە زیاتر لە ١ لەسەر پێنجیان لە بێ دەرامەتیا کۆچیان کرد بۆ ئەمەریکا ، نەداری بوو. ئەی ٥٠٠ ساڵ پێش ئەمڕۆ داخۆ سویدی چۆن ژیا بان؟

بەلگەنەویستە کە هەزاران بار خراپتر، کەچی قەشە ویژدان مردوەکان نامەی لێبوردنی خوایان بەو خەڵکە ڕەشوو ڕووتەکەی سویدو ئەورووپا دەفرۆشت.

تا مارتن لۆتەری ئەڵمانی ، ناو براو هەموو دۆزەخ دەکرێ، پاشان خەڵکی پەژێوان دەکاتەوە لە کڕینی دوو ژوورو سێ ژووری بەهەشت. چونکە بە خەڵکی گووت:خەڵکینە من تەواوی زەویەکانی دۆزەخم کڕیوە، پێویست ناکا ئێوە زەوی بەهەشت بکرن، چونکە من تەواوی دۆزەخم کڕیوە،



www.kurdistannet.org

www. kurdistannet. org
21/05/2002 15:30
مافی خۆمە کە جێگەی کەس نەکەمەوە، خواش چاری ناچارە، دەبێ بتان با بۆ بەهەشت. بەو شێوە مارتن خەڵکی ڕزگار کرد.
چارەنووسی محەمەدی ئیسلام وەک عیسا نەبوو، ناوبراو گەشتە دەسەڵات لە ژیانیشا بوو، هەتا توانی ملی پەڕان بە شمشێر، هەتا توانی تالانی کرد، هەتا توانی تاوانی بە هەموو شێوازەکانەوە ئەنجامدا. هەرچەند محەمەدیش پێش دەسەڵات سەدقات لە عیسا شەفافیتر بوو، بۆیە ئایەکانی پێش دەسەڵان شان دەدەن لەشانی شیعری هاوچەرخ بۆ نمونە (لوقمان٢٧) ئەگەر درەختەکانی جیهان ببنە قەڵەم دەریاکایش ئاوێتەی نووسینم ئیجا بەشی ووشەکانی خوا ناکەن. بەکورتی دەبینین چ مۆزکێکی شیعری لە دوو ئایەدا هەیە. هەروەها سورەی زوحای ١ و٢ کە سوێند خواردنە بە کازێوە ئیلهامێک دەدا بەمرۆڤ ، مرۆڤ دەشیعرێنی. دیسان سورەی عادیاتی ١ پاشتریشیان هەمان دەستوور مرۆڤ دەهێننە پەخشان نووسین، نەک چاندنی ڕقوو کینە.
مرۆڤ لە خوێندنەوەی ئەو چەند دێرە سوورانەدا هەوای کەیف سەفا دەیگرێ، مرۆڤ بەرەو ژوانی شەیدایی دەبا، یا سەرجەم ٤٠ ئایە پڕ لە مژدەی نان ونانخوارند، جۆگەلەی شەراب، تەننانەت بەڵێنی قەرەوێڵەی پۆپەشمینی، کچی کون نەکراو*، کوڕی لوسکەو جوان کە وەک دانەی مرواری ئەگەر کەسان هەبن نێرباز بن و حەزیان لە کیژ نەبووا!
ئەمما ئایەکانی سەردەمی دەسالات سەرجەم بۆنی گۆمی خوێنیان لێ دێ، ئیتر دینی خۆت بۆخۆت (کافیرون١ تا٦) ئیکسپایەر دەبێ، ئەڵێ دارماڵوو منداڵیان بسوتێنن. لە تۆبەی ٢٨ دا ئەڵێ بیان کوژن ئەوانەی باوەڕیان بەخواو ڕۆژی دوایی نیە. پاشتریش ئەڵێ لە سورەی ئالعمرانی٨٥ ئەوانەی دینی ئیسلام ناپەرژێنن لێیان قایل نابین.
بە فەرمانی خودی محەمەد دەستووقاچی ١٥ دز لە خێڵی بوحەیرە دەبڕنەوەو چاویشیان بەزیندووی دەردەهێنن، (سیرەت ئیبن هیشام) .
بۆیە ئێستاش لە سعودیە دەستوو بێ دەبڕنەوە.
محەمەد پروپاگەندەی بۆ ڕزگاری کۆیلەکان دەکرد، کە زەیدی کۆیلەی خەدیجەی ئازاد کرد، بەڵام پاشان کە حەز لە زەینەب دەکا، محەمەد زەینەب لە زەیت زەوت دەکا.
پاشانیش ووتی :ئەو کۆیلەی لە دەست خاوەنەکەی ڕابکا خوا نوێژی پەسەند ناکا !
چونکە بازرگانەکانی قورەیش لە کاتێ تالانیەکانی ئیسلامدا دیلە جەنگیەکانیان لە چەتەکانی ئیسلام دەکڕی، بەو ووتە دڵی کۆیلە کڕەکانی قورەیشی هێنایەوە جێ.
ئیبن سینا نوسەری زیاتر لە ١٠٠٠ پەڕتووکە زیاترینیان دەربارەی پزیشکی، بە بناغەدانەری پزیشک دەژمێردرێ ، لای ئیسلامەکان بە کافر ناسراوە، چونکە قورئان ئەڵێ: هیچ شتێ بێ فەرمانی خوا ناکرێ ئیتر دەرمانی چی ؟!
گالیلۆ کە سەلماندی زەوی خڕە، بەزیندانی هەتا هەتای سسزادرا، تا مردیش دەست بەسەر بوو.

سەرچاوەکان
Häxaprosses *
**کە ئیسلام هاتە مەیدان خەڵکی لە پەڕی نارەوایدا دەژیان، کۆیلەدار بوە سەداها ژنی بوە، پێغەمبەر داود ٩٩ ژنی بوە، سلێمانیش ١٠٠٠ ژنو کۆیلە (تارخ کبیر تەبەری) .

کۆیلەدارەکان هەمیشە قەیرانیان دروست کردوە ، بۆیە خەڵکی ڕەشووڕووت ژنیان دەست نەکەوتوەو بەدوای بزن، مانگا، گوێدرێژ هتد ڕایان کردوە، ئەو بەڵێیەی قورئانیش خەڵتێنەرترین شێوازی بوە. کە خەڵکی ڕاکێشنە ناو ئیسلام.

٢٠٠٢٠٥١٩ ڕۆسنگۆرد.

www.kurdistannet.org